کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:44 3-10-2007

# بۆ ژیان میرانی: ئایا سەنتەری تەرفیهی کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنی دژ بە ژنان دێنی؟ ... دایکی مێرخاس بەرپرسی سەنتەری مەستورە خانم لە سۆران

لەگەل خوێندنەوەی پرۆژە مەزنەکەی خاتوو (ژیان میرانی) لە ژمارە 242 بەرواری 2007/9/24، گوایە گەورەترین سەنتەری تەرفیهی لەسەر ئاستی عیراق و ڕۆژهەلاتی ناوەراست کەوتۆتە واری جێبەجی کردن. دوای توڕەبوونێکی زۆر لە نێو گریان و پێکەنین وتم { ئاش لە خەیالێك و ئاشەوان لە خەیالێك }. بەخوا جوانە تەنی لەسەنتەری تەرفیهی و جوانکاریمان کەم بوو، تازە بە تازە خاتوونی من بیر لەوە دەکاتەوە ئێمەی ژن دەست بە خۆمان بێنین زێتر دیمەن شیرینتر بین توانایەکی بی وێنە نیشان بدەین بۆ مێرد لێستنەوە، بە پێی ئەو بیرۆکەیە ئەکری لە بازنەیەك بخولێینەوە بەر لە هەر شتێك دلی مێرد ڕابگرین تا ئارەزوی ژن هێنان نەکات، وە خەلك پێمان بلێن فلانە ژن ڕومەتی ئەلێی سێوی لا سورەیە. ئەکری ژیان خان لە جیاتی ئەم بیرۆکەیە هەولت بدابایە دابونەریتی جوانکاری بشکێنی نەك پلەیەك بەدەست بهێنی لە دەرهێنانی فیلمی جوانکاری و تەرفیهی، پێم نالێی تاکەی ئێمەی ژن پارچەیەك بین لە جوانکاری و خۆ خەملاندن بۆ دلی پیاوان، چەشنی تاووس بەلەنجەو لار بین یاخۆ وەك مەرو بزن بە تەنها کارو بەرخ بەرهەم بهێنین.

خوشکی بەرێز:

سەنتەری تەرفیهیمان بۆ چیە بەو هەموو بەشە تەقلیدی و پاشقەرۆیانە کە باست لێوە کردون، پێت وایە ئێمەی ژن نەخۆشین تا لە یەکێك لە بەشەکانی سەنتەرەکەتان لە سەر پشت ڕابکشێین وە دەنگی مۆسیقای نەرم و نیان ببێتە چارەسەری دەردمان، باوڕ ناکەم چیتر ژنان بخاپێندرێن بە مۆدەی بی ماناو دیمەنی سەیرو ڕێگە خۆشکەر بۆ کات بە فیرۆدان، ئیتر بەسەر چوو قژمان گرژو لول بکەین وەك دڕندەکانی جەنگەلستانی ئەمازۆن کە ئەمانە لە خانەی نەخشەیەکی کرێتن، هەر تەنها بۆ ئەوەی پیاوەکان بلێن ئا ئەمەیە ژن، ڕێك جوانکاری و ئارامی لەزەت بەخشینە بە خودی پیاوان کە لە هزرو بیرتە نەخشەت بۆ کێشاون.

خاتوو ژیان میرانی لە بەشێکی تری دیمانەکەیدا دەلی خولێکمان بۆ ئەندامانی پەرلەمان بە هاوکاری ڕێکخراوی NDI کردەوە دوابەدوای هەلبژاردنەکەی 2005/1/15 بۆ دروست کردنی پردێك لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەر، دەلی 230 دانیشتنمان لەگەل هەموو چینەکانی کۆمەلگا کرد. بەلی خانمەکەم دوای 230 دانیشتنەکەت چی بە چی کرا جگە لەو بارودۆخە ناهەموارە کە ئێستا بۆتە گەورەترین لەمپەرو ڕێگە نەدان لە بەردەم کارا نەبوونی ئافرەت و ونداکردنی کەسێتی خۆی، وە باوڕ ناکەم هیچ کاتێك وەك ئێستا ئافرەتان تێك شکاوو خەم و ئازار یەخەی هەر ژنێکی گرتبی لەو کۆمەلگایە. کوا نقەی ئەندامانی پەرلەمان و ئەو پردەی کە دروستت کردوە. دوای دروست کردنی ئەو پردە بە هێزەی کە باست لێی کردوە بەرای جەنابت گێچەل و گیروگرفتی چەند خێزان چارەسەر کراوە، دوا بەدوای 17 سال بی ئاگایی وریا نەبوینەوەو هەر ئەو ڕێگایە ئەبڕین کە تیایدا پارچەیەکین وەك قوربانی دەستی تاوان. ئەز ئەو بیرۆکەیە بە خەونێکی خۆشی هەر پیاوێك دەزانم، وە بە مایەی نەگبەتی تەواوی ئافرەتانی دادەنێم.

من بە خاتوو ژیان خان ئەلێم: باشە بۆچی شارەزایانی ئارایشت لە بەرازیل و فەرەنساو یابان ئیستیراد ناکەیت تا پرۆژەکەتان سەرکەوتوتر بێت، بەخوا کاتی ئەوە نیە مۆدێل قژ بڕین و جوان ڕاگرتن کە ژنان بەرچاو بخات، وەیا پەنجەکانمان بکەین بە شانەی قژ داهێنان تا قژەکەمان چرو بە بارستە تر بێت بۆ حەزو ئارەزووی پیاوان. باشە ئێمە شوێنی گونجاو بۆ پشودان و کات بەسەر بردن و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆشگوزەرانیمات بۆچیە؟! دیارە هیچ کارێکی ترمان نیە هەموو کێشەکان بە دوماهی هاتوون یاخود ژیان خان (گوێز لە هەنبانەی خۆی دەژمێرێت) ئارایشگاو مەلەوانگەو گەرماوی تورکی... بەخوا جوانە، دەلێن (کەر لە کوی کەوتوە کوندە لە کوی دڕاوە) . باشە لام سەیرە کە خانمێکی وەك ژیان خان خودان تاقیکردنەوەیەکی باشە چۆن ئەو بڕیارە لە هزرتان جێگەی بۆتەوە، توخوا ئێمەی ئافرەت هەر بەتەنها لە فیلمی جوانکاری و گەرماوو مەلەوانگەمان کەم بوو. باش بزانە ئەو بیرۆکەیە ئەچێتە خانەی ونداکردنی ڕاستیەکان، وە ئەو بیرۆکەیەم وەك بازاڕێك دێتە بەر چاوان کە کڕیاری ژنان زۆر بی و بەردەوام ئێمەی ژن ڕۆبۆتانە وەك سەدان سالە دەست و پی کەلەپچەو زنجیر بین، هەروا ئەو بیرۆکەیە زێتر بی دەسەلاتی و بچوکی ئێمەی ژن نیشان ئەدا، وە ئەبێتە درێژە پێدەری خەفە کردنی بیرو بۆچونەکانمان. بەراستی بەم بیرۆکەیە من دەروونم زۆر ئازار ئەدرێت، وە هەق وایە هەر ئافرەتێکی خاوەن ویژدان هەست بەو ئازارانە بکاو هەلوێست وەربگرێت، چونکە هەر هەموومان تێر بوین لە ووشەی بریقەدارو لاف لێدان بە دادوەری ئازادی و یەکسانی.

جارێکی تر بە خوشکی زێدە ئازیزی خۆم ژیان خان ئەلێم:

بۆ ڕێگە چارەیەکە تر نادۆزیتەوەبۆ پاراستنی ئەو ژنانەی بەردەوام ڕوبەڕووی لێدان و کوشتن و سووتان و بی سەروشوێن کردن و سووکایەتی پێکردن ئەبنەوە، بۆ چاوێك ناخشێنی بە ئامارەکان و ڕێژەی قوربانیانی دژ بە ژنان ئەنجام دراون لەم چەند سالەی دەسەلاتی کوردیمان، کە دوازدە هەزار (12، 000) ژن بونەتە قوربانی بیری ڕزیوی پیاو سالاری. کوا ڕی و شوێنە لەبەر گیراوەکان بۆ قەدەغە کردنی توندو تیژی و تاوان لە دوای تاوان. بۆ خەلك ڕانەهێنین لەسەر بناغەی ڕاسگۆیی و یەکسانی و ڕێز لە یەکتر گرتن و لێبوردەیی تا بنوانین بە هەر هەموومان لەو ڕۆژگارە بیرو ڕای چەوت بگۆڕین بۆ چەسپاندنی ڕاستی داواکاریەکان زەخت بخەینە سەر حکومەتی هەرێم و بۆ کەلك وەرگرتن لە پرۆژە زیندوەکان، تا تێکۆشانی جەنابتان بەشێك بێت لە خزمەتی بەرژەوەندی ئافرەتان، وە کارێکی شیاو هەلبژێرین بۆ سوود وەرگرتن لە مافە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان تا بتوانین باندۆرێکی زیندوو دروست بکەین لە سەر حکومەت بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوان دژ بە ژنان تا بە ڕوسوری خۆمان بپارێزین، چونکە ئێمەی ژن لە ململانێیەکی توندا ئەژین، وە ڕێژەی تاوانە شاراوەکان کەم بکەینەوە، وە پێویستە بەر لە هەر شتێك ڕەفتار بگۆڕین نەك جل و بەرگ.

لە دوماهی خوازیارم ژیان خان ئەو بیرو بۆچونەم بە هەند وەربگری و وە واز بێنی لەو بیرۆکەیەی، چونکە ئێرە ڕۆژهەلاتە ڕۆژهەلات، وە من دوپاتی ئەکەمەوە ئەو بیرۆکەیە زیان گەیاندنێکی ڕاستەوخۆیە بە پرسی ژنان.

**دایکی مێرخاس بەرپرسی سەنتەری مەستورە خانم لە سۆران**

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.